# گۆڤارێکی ئەمریکی وردەکارییەکانی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ئاشکرا دەکات

جارێکی دیکەش راگەیاندنی ئامریکایی باس لە وردەکاری شەری دژی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ئەمجارەشیان گۆڤارێکی دیکەی ئامریکایی رەهەندێکی وردتری ئەو پرۆسەیەی ئاشکرا کردووە.

گۆڤاری THE ATLANTIC، لە ریپۆرتاژێکدا کە وتووێژی لەگەڵ ٤٠ سیاسەتمەداری ئامریکایی و ئیسرائیلی کردووە، زانیارییەکی جیاوازی لە زانیارییەکانی دیکەی ورژاندووە.

گۆڤارەکە رایگەیاندووە کە لە کۆی ئەو هەموو وتووێژەی کە لەگەڵ سیاسەتمەداران و کەسانی سەر بە وەزارەتەکانی بەرگری هەر دوو وڵاتی ئەنجامی داون، هەموویان وەڵامەکانیان لەیەکتریەوە نزیکەو پێکدەچن.

بە پێی راپۆرتەکەی ATLANTIC، ئیسرائیل بە تەمای هێرش کردنە سەر ئێرانە و ئەو خواستەش لە ماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا دێتە جێ.

لەو بارەوە ATLANTIC رایگەیاندووە کە هێرشەکە لە لایەن ئیسرائیلەوە بە ٥٠ فرۆکەی جۆری F15 و F16 ئەنجام دەدرێ کە بۆی ئامادە کراوە. لە کاتی هێرشەکەدا هاوکات بۆ ئەوەی گەورەترین زیان لە کەمترین کاتدا بگەیەنە کۆماری ئیسلامی و توانانی وەڵامدانەوەی لێ ببرن، هەر ٥٠ فرۆکە بە یەکەوە و لە یەک ساتدا هێرش دەکەنە سەر مەبەستەکانیان لە ناو خاکی کۆماری ئیسلامی.

بەپرسێکی ئیسرائیلی لەو بارەوە رایگەیاندووە کە وڵاتەکەی توانای لە کارخستنی رادارەکانی کۆماری ئیسلامی هەیە، ئەگەر بیتوو هێرش بکەنە سەری.

ئەو گۆڤارە ئاشکرا کراوە کە ئەو هێرشە رەنگە لە رێگەی ئاسمانی عەرەبستانی سعودیە و یان لە رێی ئاسمانی عێراقەوە ئەنجام بدرێت. ئامریکاییەکان هەر لە ئێستاوە داوایان کردووە کە لەو کاتەدا عەرەبستان رادارەکانی خۆی دابخات.

لەو راپۆرتەدا باس لەوە کراوە کە گروپەکانی کۆماندوو لە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە هێرش دەکەن و ئەرکەکانیان (کە دیار نییە چیی) تەواو دەکەن.

ئیسرائیلییەکان لەو حاڵەتەدا پێش بینی ئەوەیان کردووە کە رەنگە کۆماری ئیسلامی ئێران پێشوەخت حیزبوڵا رابسپێری بۆ ئەوە لە دژکردەوەکەدا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، بۆیە ئیسرائیلیەکان بیریان لە جۆری بەرنگاربوونەوەی ئەو هێرشەش کردۆتەوە.

گۆڤاری ATLANTIC لە کۆتاییدا پێشبینی ئەوەی کردووە کە یان کاری کۆماری ئیسلامی لەو هێرشەدا یەکسەرە دەبێ یان شەرێکی تەواو ناوچەکە دەگرێتەوە.

ئەو هەواڵە لە کاتێکدایە کە وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل رایگەیاندوە کە وڵاتەکەیان بە تەمای کرینی ٢٠ فرۆکەی شەرکەری جۆری پێشکەوتووی F26ە.

هەرچەندە کە ئەمە یەکەمین جار نیە کە هەواڵی لەو شێویە لە راگەیاندنەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام لەوانەیە کە ئەو هەواڵە هەندێک لە هەوڵەکان پەک بخات، چونکە ئێستا میدیاکانی جیهان باس لە ئامادەیی باراک ئۆباما بۆ دیدارکردن لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا لەسەر راسپاردەی ئەمریکا هەوڵی نزیکبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات و دەیانەوێ بەجووتە هێزی نیوکلیاری بۆ مەبەستی ئاشتی بەرهەم بهێنن.

بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە وەک چاودێران بۆی دەچن، زیان بە دەستپێشخەری ئاشتیخوازی دەگەیەنن، لەوانەیە ئیسرائیل حەز بە کۆبوونەوەی نێوان ئۆباماو ئەحمەدی نەژاد نەکات، بۆیە




هەوڵدەدات کە رای گشتی چەواشە بکات و بەدگومانی لە دڵی ئێرانیەکان بچێنێ.

چاودێران پێیانوایە بەهۆی شکستی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان ئەگەری هێرش کردنە سەر ئێران و هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە زۆر لاوازە، هەربۆیەش دەستەڵاتدارانی تاران بێباکی و بێ منەتی خۆیان لەو هێرش و ئەگەرانە پێشان دەدەن، تەنانەت نەک هەڕەشەش دەکەن و باس لە سەرکەوتن و نابودکردنی ئیسرائیل دەکەن.

عێراق و ئەفغانستان دوو وڵاتی دراوسێی ئێرانن، فەرمانڕەوایانی بەغدادو کابل کە بە پشتیوانی ئەمریکا هاتوونەتە سەر دەستەڵات، بەڵام دۆست و هاپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن. تەنانەت دوایین کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکانی هەر سێ وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەفغانستان و تاجیکستان ئەو راستیەی سەلماندەوە کە کابل دۆستایەتی تاران هەڵدەبژێرێ. هەروەها رۆڵ و کاریگەری تاران لەسەر هێزەکانی شیعەی عێراقی دیسانەوە بەڵگەن کە ئەوان تاران بە واشنتن ناگۆڕنەوە، بۆیە چاودێران پێیانوایە کە ئەمریکا دەبێ وردبینانە رەفتار لەگەڵ تاراندا بکات و خۆی لە دامێنێ شەڕێکی دیکە نە ئاڵێنێ.

**سەمەد چاوشین**

# لە 'سلێمانی'یش نەوت دەدۆزرێتەوە

دامەزراوەی نەوتی کۆریای باشور، پاش ئەوەی بۆندەی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئیمزا کردبوو، لە پارێزگای سلێمانی دەستی بەگەڕان کرد، سەرەنجام پاش سێ ساڵ گەڕان، دو ناوچەی زۆر گەورە دۆزرانەوە کە نەوتیان تێدایە.

بەگوێرەی هەواڵەکان دامەزراوەی کۆریای باشوور لە ناوچەی بازیان نەوتیان دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەندازەی نەوتەکە دیاری نەکراوە.

دۆزینەوەی نەوت لە پارێزگای سلێمانی جێی مشتومڕ دەبێ، لەلایەکەوە کاریگەری لەسەر ئابووری کوردستان دەبێ، لەلایەکی دیکەشەوە مرخی داگیرکاران لەسەر مانەوە لە کوردستان موکمتر دەکاتەوە.

لەماوەی ٧٠ ساڵی رابردوو هەمیشە نەوتی کوردستان لەلایەن داگیرکارانەوە سوودی لێوەرگیراوە، پارەی نەوتی کوردستان لە کڕینی چەک بۆ کوشتن و قڕکردنی کوردستانیان دەکارکراوە، بۆیە خەڵکی کوردستان هەستەوەریان بەرانبەر بە نەوت پەیدا کردوە.

پیرەمێردەکان دەیانگێڕایەوەو دەیانگوت: 'ئینگلیزەکان گوتویانە کە کوردستان لەسەر دەریای نەوت هەڵکەوتووە' ئێستا خەریکە ئەو قسەیە تەواو دەربچێ، چونکە ئەگەر جاران نەوت تەنیا لە شاری کەرکوک و کرمانشادا هەبوو، ئێستا نەوت لە هەولێر، زاخۆ، کۆیە، ئامەد، قامیشلۆ و سلێمانیشدا دۆزراونەتەوە. لە بیرە نەوتی هەندێک لەو شوێنانە دەست بە بەرهەم کراوە، بەڵام لە سلێمانی و هەندێک شوێنی دیکە تا دۆزراونەتەوە.

حکومەتی هەرێم بەهۆی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ دامەزراوە نەوتیەکانی وڵاتانی جیهان ئیمزای کردوە، شارەزایی باشی لە دەرهێنانی نەوت پەیدا کردوە، هەروەها رەوشی ئێستای باشووری کوردستانیش لەگەڵ رابردوو پێوانەو بەراورد ناکرێ، بۆیە دۆزینەوەی نەوت لە پارێزگای سلێمانی هەنگاوێکی دیکەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان دەبێ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ هەوڵی پێکهێنانی کۆمپانیای نەوتی تایبەت بە خۆی بدات، لە خەمی ی پێگەیاندنی ئەندازیارو کارمەندی لێهاتوو دابێت، چونکە بۆ داهاتووی کوردستان نەخشی بەرچاویان دەبێ،

ئیتر با نەوت بۆ خۆشگوزەرانی کوردستانیان بێت و رێ نەدەین ەک داگیرکاران بۆ کوشتن و لەناوبردن سوودی لێوەربگرن.

**هندێرن کاکە عەلی**

# رێنوێنی پێشینەی خانووبەرە بڵاودەبێتەوە

بۆ روونکردنەوەی پرسی پێشینەی خانووبەرە، بەرپرسانی بانکی هەرێمو قائمیقامو بەڕێوەبەری ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەو وردەکانی پێدانی پێشینەی خانووبەرەیان بۆ وڵاتییانی قەزاو ناحیەو گوندەکانی هەرێم خستەڕوو.

بەگوێرەی ڕێنماییەکان کە وێنەی بۆ راگەیاندنەکان رەوانە کراوە، بڕی پێشینەکە کە دەدرێتە وڵاتیان، (١٥.٠٠٠.٠٠٠) پانزدە ملیۆن دینارە، بەمەرجێک زەوییەکەی لە (١٠٠) مەتر دوجا کەمتر نەبێتو کەسەکە خێزاندار بێتو پێشتر هیچ پێشینەیەکی خانووبەرەی وەرنەگرتبێت.

لەئامارەکەدا هاتووە، ئەو کەسەی کە پێشینەکە وەردەگرێت، دەبێت فەرمانبەرێک بکاتە کەفیل یاخود موڵکێک وەک گەرەنتی دیاریی بکات.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئاماژە بەخاڵێکی دیکەی رێنماییەکان کراوە کە تێیدا هاتووە، پێشینەکە بەدوو قۆناغ دەدرێتە وڵاتیان و دەبێ لەماوەی پانزدە ساڵدا بیداتەوە بەحکومەت، بەمەرجێک ئەو فەرمانبەرە مووچەی بنەرەتیەکەی لە شەشسەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر بێ، هاوکات بۆ ئەوانەی کە مووچەی بنەرەتییان لەوە کەمترە دەبێ لەماوەی بیست ساڵدا بیدەنەوە، بۆ خەڵکی ئاسایش کە هیچ مووچەی دەوڵەتیان نیە دەبی لەماوەی دوانزدە ساڵدا پێشینەکە بەحکومەت بدەنەوە.

بێگومان ساڵانە بەشێوەی قیست قەرزەکە وەردەگیرێتەوە، بەڵام بۆ فەرمانبەران دەبێ مانگانە قەرزەکە بەقیست بدەنەوە.

لە رێنماییەکانی وەزارەتی داراییو ئابووری حکومەتی هەرێمدا هاتووە، لەکاتی مامەڵەکردنی وڵاتییانو فەرمانبەراندا بۆ وەرگرتنی پێشینەکە، بڕی سێ سەد هەزار دینار بۆ خەرجییەکانی کرێی لیژنەکانی پشکنینو چاپەمەنیو گواستنەوەو چەندین شتی تر وەک پێشەکی وەردەگیرێ.

جێی ئاماژەیە ئەوانەی زێدەڕۆی لەسەر زەوی دەوڵەت دەکەن بەهیچ شێوەیەک پێشینەی خانووبەرەیان پێنادرێ.

# فەرهەنگۆکێکی هەستیاری ئینتەرنێتی سازدەکات



بێهزاد خۆشحاڵی، نووسەر و وەرگێڕی سەقزی، پاش ٨ ساڵ کاری بەردەوام، توانیویەتی فەرهەنگۆکێکی ٦١ زمانەی کوردی ئامادە بکات کە بە زوویی کارەکانی کۆتایی پێدێت.

ناوبراو لە وتووێژێکدا لەگەڵ ناوەندی هەواڵنێریی سنەنیوز، رایگەیاند: هەنگاونان بۆ ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگۆکە زمانەوانییە لە ٨ ساڵ پێش ئێستاوە دەستی پێکردوە و هەنووکە بە کۆکردنەوەی پتر لە ٩ ملوێن واژە، گرووپێکی پێکهاتوو لە ٧ بەرنامەنووسی نەرم ئەفزاری، چالاکی خۆیان بۆ نووسینی "داتا ئینتری" دەستپێکردوە.

ئەم نووسەرە سەقزییە لە درێژەدا گوتی: پاش تەواوکردنی قۆناغی یەکەمی بەرنامەنووسیی نەرم ئەفزاری، تیمێکی ١٠٠ کەسی لە واژەنووسانی کۆمپیوتێری بە شێوەی تۆکمە، تەواوی کاتی خۆیان بۆ سەبت کردنی ئەم واژانە تەرخان ئەکەن.

بێهزاد خۆشحاڵی هەروەها رایگەیاند: ئەم کۆمەڵە لە فەرهەنگۆکێکی گشتیی واژەکان پێکهاتووە کە زمانی کوردی بە شێوەی هەستیار بۆ سەر ٦١ زمانی زیندووی جیهان وەرئەگێڕێ و ئەگەر لە داهاتوودا ئیمکانات و هەلی پێویست بڕەخسێت، بەرنامەی وەرگەڕانی پەرتووکە کوردیەکانیشی لێ زیاد ئەکرێت.

ناوبراو لە کۆتاییدا هیوای خواست زمانی کوردیش وەک باقی زمانە زیندوەکانی جیهان لە بەشی وەرگێڕانی ناوەندە ئینترنێتیەکانی وەک "مایکرۆسۆفت" و "گووگل" بەکارببرێت

جێی ئاماژەیە کە شارەزایانی بواری ئینتەرنێت هەوڵی شێلگیرانە دەدەن تا نەتەوەی کوردیش لە جیهانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەردا وەدوا نەکەون، تا ئێستا چەندین کاری گرنگ لەلایەن شارەزایانی کوردەوە ئەنجام دراون، ئەوکارەیبێهزاد خۆشحاڵیش هەنگاوەکان بەهێزتر دەکات.

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز: رێکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

www.rojigel.com rojiigel@hotmail.com

هەولێر
گەڕەکی رزگاری
شەقامی شەست مەتری
نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

سلێمانی
گەڕەکی رزگاری
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی
٠٥٣٢١٩٢٥٦

کەرکوک
گەڕەکی شۆرجە
بەرانبەر فێرگەی
شۆرجەی کچان
٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

رانیە
گەڕەکی رەشەمێرگ
بەرانبەر بارەگای
پێشمەرگەدێرینەکان
٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥